" وەرگێڕ: مەبەست لەم وەرگێڕانانە، هەم ئاگا کردنەوەی خوێنەری کوردە لە بیر و بۆچونە جیاوازەکانی خەلکانی ولاتانیتر و هەم دیتنی پشتی ڕوداوەکانە و وەرگێڕانی هەر بابەتێک بە مانای دروست یا هەڵە، پەسەند یا ڕەتی بیر و بۆچونی ئەو نوسەرانە نیە! ئەگەر کەم و کوڕیش دەبینرێت یا بم بورن، یا تکایە لەو هەڵانە ئاگادارم کەنەوە! سپاس" rahmayub@yahoo.de

# لیبڕالیزم دوێنێ، ئەمڕۆ و سبەینێ

قسە و باسێکی خشایار دیهیمی (خەشایار دەیهەمی)
وەرگێڕ: ئەیوب ڕەحمانی

لە ژوری وتووێژی "موسسە معرفت و پژوهش" جێگای دانیشتن نەمابو. دەیهەمی چاوێکی بە وەرەقەکانیدا خشاند و قسەکانی لەمەڕ لیبڕالیزم دوینی، ئەمڕۆ و سبەینێ بەم شێوە دەست پێکرد.

لەم باسەدا کە دەیبیستن بە شێوەیکی پشتگیرانە باسی لیبڕالیزم دەکەم، دیارە نەک بەو مانایە کە لیبڕالیزم کۆتایی هەمو ئایدیۆلۆژیاکان و بیر و باوەڕەکانە. بەو هۆیە پشتگیرانە باسی دەکەم لەبەر ئەوەی کە من لەسەر ئەو باوەڕم کە لیبڕالیزم دەتوانێت مەیدانێک بۆ باوەڕەکان بکاتەوە کە هەمومان دروست تر بیر بکەینەوە و بەرەو پیشەوە هەنگاو هەڵێنین.
لیبڕالیزمیان بە دو جۆر پێناسە کردوە، ئەگەر چی وەک هەمو ئایدیۆلۆژیەکان تەنیا یەک لیبڕالیزم بونی نیە بەڵکو چەند چەمک لەمبارەوە هەیە، بەلام لە یەک تێڕوانینەوە، لیبڕالیزم بە دو قۆناخی ڕۆشنکەرەوە و دواڕۆشنکەرەوە (روشنگری و پساروشنگری) دابەش دەکەن کە هەر وەها قۆناخەکانی لیبڕالیزمی تەواو وکەماڵ (جامع) و لیبڕالیزمی سیاسی شیان پێ دەکوترێت.

- پەیدابونی لیبڕالیزم و ئاسانکاری

هەمو کەس لە سەر ئەوە کۆکن کە یەکەمین جار هزری لیبڕالیزم لە کتێبی "نامەیێک لەمەڕ ئاسانکاری" لە نوسینی جۆن لاک باسی لێکرا. ئاسانکاری پایە و ڕیشەی لیبڕالیزمە و ڕونکردنەوەیێک لە بارەی چۆنیەتی ئەو ئاسانکاریانە، تا حەدێک خزمەت دەکات بە لێ حاڵی بون لە لیبڕالیزم. کۆمەڵگاکانی جیهانی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا (قرون وسطی) یەک تیکە و یەک جۆر بون و هەمویان بە شێوەی کۆمەڵ ژیانیان دەبردە سەرەوە. بەلام بە تێپەڕینی کات زیاد کردنی هزر و باوەڕە جۆر بەجۆرەکان، ئایینەکان دروست بون و ئەوجار ڕێگا بۆ دروست بونی شەڕ و ئاژاوەکان خۆش بون. جۆن لاک ڕێگای حەلی ئەم کێشە ئایینی و کۆمەلایەتیانەی لە ئاسانکاریدا دەبینی، بەو مانایە کە مرۆڤەکان، کەسانی غەیری خۆیان بە بیر و باوەڕە ئایینی و بۆچونە جیاوازەکانیانەوە بە دوژمنی خۆیان نەزانن. هەنگاوی دواتر ئەوە بو کە هزری ئاسانکاری بە شێوەیێک لە کۆمەڵگادا باس بکرێت کە خەڵک وەری بگرێت، (وەرگێڕ: ئاسانکاری

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

بۆ فێربونی شتێک). لە مەڕ خاڵی یەکەم کە جۆن لاک پێشکەشی کردبو، بەشێک لە دەلیلەکان لە سەر بنەمای ئوسولی ئایینی مەسیحییەت وەرگیرابو و ئەو لە وانەکانی ئینجیلەوە بەو باوەڕە و ئاکامە گەیشتبو کە ئاسانکاری یەکێک لە ئەسڵەکانی ئایینی مەسیحی یە. بەڵام هەرچی کە بەرەو پێشتر هەنگاو هەڵدەگرین، دەبینین کە دواتر دەلیل و بورهانەکان زۆرتر لە سەر بنەمای ژیرییەت (ئەقڵیەت) داندران و نەک هەڵقوڵاوی وەحی و ئیلهام و ڕۆح.

- لیبڕالیزم و ژیری تاقیکراوە (عقل تجربی)

لەو کات و ساتانەدا، ڕوداوێکی تر، هەڵایسانی (رشد) خێرای زانیاریە تاقیکراوەکان (علوم تجربی) و بە دوا ئەویشدا پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی بو. زانیاریە تاقیکراوەکان لە سەر بنەمای ژیری (عقل) تا ئەو جێگایە دەگەیشتن کە پەردەی لە سەر یاسا سروشتیەکانی جیهانی دەرەوە هەڵ دەداوە و هەر لەم ڕووەوە بو کە ژیریش حورمەتێکی بەرزی پەیدا کرد و ئەم هزرە دروست بو کە بۆ ناتوانین لەم ژیریە لەمەڕ ئەخلاق، ڕامیاری (سیاسەت) و هەروەها ڕابیتەی مرۆڤەکان کەڵک وەربگیرێت. بەم پێیە ژیری، بوە کەرەستەی دۆزینەوەی ڕاستیەکان و یاسا سروشتیەکانی مرۆڤایەتی. (نەک چەواشە کردن (جەعل) و پێکهێنان). بیرمەندان بەم بورهانە کە تواناییەکانی ژیری لە هەمو کەسدا وەک یەک وان، هەوڵییاندا کە بە کۆمەڵە یاسایێکی حەدی کەم بگەن کە هەمو خەڵکانی جیهان بە هەر بیر و باوەڕ و بۆچونێکەوە پەسەندییان بکەن و بەم جۆرە زۆربەی شەڕ و شۆڕەکان کۆتاییان پێ بێت. خاڵی گرینگ لێرەدا وەرسوڕانی لیبڕالەکانە. لیبڕاڵەکان لە سەرەتادا بە باسی ئاسانکاری و جۆراوجۆر بونی بیرۆکەکان دەستیان پێکرد بەڵام دواتر بە خاڵێک گەیشتن کە هەمو هەوڵەکانیان بۆ گەیشتن بە کۆمەڵ بو.

- سەربەستیی بۆچون و ڕاستیی نیهایی

ئەگەر باوەڕمان بەوە هەیە کە ڕاستی باڵاترە لە هەڵە و خەتا، دەبا لێیان گەڕێین کە ئەم دوانە پێکەوە لە مەیدانی واقیعدا نەبەرد بکەن و لەوە دڵنیا بین کە برەوەی مەیدان ڕاستیە.

جۆن ستوارت میل باوەڕی وایە کە تەنیا کەرەستەی ئێمە بۆ دۆزینەوەی ڕاستی، ژیریە. ژیریێک کە ناتەواو و هەڵەکەرە بەڵام قابیلی فێربون و پێ گەیشتنە. ڕوداوگەلێکیش کە لە زانستی تاقیکراوەدا ڕودەدەن ئەوەیە کە یاسایێکی زانستی تا ماوەیێک وڵامی هەمو پرسیارەکانی ئێمە دەداتەوە بەڵام بە تێپەڕینی کات تێدەگەین کە زانیاریەکانی ئێمە ناتەواو بوە و ئەوجار دوبارە مودێلێکی نوێتر دێنینە پێش بۆ ئەوەی کە وڵامدەرەوەی کێشەکانمان بێت. ئێمە دەزانین ئەو یاسایانەی کە بونیان هەیە هەمو ڕاستیی سەردەم نین بەڵام نزیکایەتییان لەگەڵ ڕاستی هەیە و لەم کاتەشدا گرێ پوچکەی کێشەکانی ئێمە دەکەنەوە. لە جیهانی ڕابیتە مرۆڤایەتیەکانیشدا دەڵێین کە ژیری ناتوانێت هەمو ڕاستیەکانمان بۆ بدۆزێتەوە بەڵام ئاکامەکانی گرێ کەرەوەن بۆ ئەوەی کە ئێمە بە شوێنێک دەگەیێت و مەیدانمان پێ دەدات کە بەو شێوەی کە لەو کات و ساتەدا ڕاستە و بە ڕاستی دەزانین، کێشەکە چاک بکەینەوە و بە جێگای پرژ و بڵاو بونەوە و لێک هەڵوەشانی هێزەکان، هەمویان لە یەک ڕێگادا و پێکەوە بەکەر بێنین. لیبڕاڵەکان پێیان وایە کە هەر لە سەر ئەم ئەساسە پێویستە کە ئیزن بدرێت بە تاکە کەسەکان تا ئەو جێگایەی کە کردەوەکانی هەڕەشەئامێز نەبێت، ژیانی خۆی تاقی و تەجروبە بکاتەوە.

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

(وەرگێڕ: واتە ئازادی تاکە کەس بدرێت، تا تاکەکان خۆیان ژیانێکی بە دڵی خۆیان دروست بکەن و گەشە و پێشکەوتن لە هەمو بوارێکدا وەدەست بێنن و ئەگەریش گریمان تاکێک هەڕەشەیە بۆ تاکێکی تر یا بۆ کۆمەڵگایێک ئەوجار حکومەت و یاسا دەکەونە خۆ و بەری پێ دەگرن.)

کێشە لێرەدا بو، لەو شوێنانەی کە ئازادی دەستەبەر دەکرا، بە جێگای ئەوەی کە لێک نزیک بونەوەی مرۆڤەکان ڕو بدات و هەمگەراییێک پێک بێت، دیاردەی واگەرایی و لێک دورکەوتنەوەی مرۆڤەکان لە یەکتر دروست بو و هەر ئەو کێشەی نا ئەمنییەی کە پێشتر هەبو دوبارە پێک هاتەوە. لەم قۆناخەدا باسی ئەسڵی و سەرەکی هەمو لیبراڵەکان حکومەت و حەد و حدودی دەست تێوەردانی ئەو لە ناو ڕابیتە کۆمەڵایەتیەکاندا بو. ئەوەی کە حکومەت لە کوێدا ئیختیار و ئیزنی دەست تێوەردانی هەبێت کە مرۆڤەکان ناچار بە کردەوەێک یا خۆ ناچار بە خۆپاراستنێک بکات و لە کوێشدا مافی دەست تێوەردان و دەخاڵەتی نەبێت. بێشک لیبراڵیزم هزرێکی فەردگەرایانە یا تاکەکەسییانەیە بەڵام نەک بەو مانایەی کە ڕابیتە و وەزیفەکانی بەرانبەر بە یەکی مرۆڤەکان نەفی بکاتەوە و حورمەتی تاکە کەسەکان نەگرێت. ڕابیتە و وەزیفە بەرانبەر یەکەکان، مافی داوای یارمەتی کردن لە یەکتر و یا مافی یارمەتی دانی یەکترین لە وەزیفەکانی لیبراڵیزمە. لیبراڵیزم لەسەر ئەو باوەڕەیە کە پێویستە بە دور لەوەی کە باوەڕ و بیر و بۆچونەکانمان چۆنن، پێویستە کە یارمەتی بە یەکتر بگەێنین. تا ئێرە لیبراڵیزم وەکو ئایدۆلۆژیایێک یا خۆ کەرەستەێکی تەواو و کەماڵی فکری دەناسێندرا بەڵام بە دوا ئەودا بو کە ئیتر لیبراڵیزمی سیاسی پێناسە کرا. ئەویش ئەوە بو کە ڕەنگە کەسەکانی کۆمەڵگایێک لە سەر ئاکامەکان و یاساکانی لیبراڵیزم پێداگری بکەن بەڵام هیچ هۆێکی نیە کە فەلسەفەی لیبراڵیزم پەسەند بکەن.

جۆن ڕاوڵز گرینگترین بیرمەندی ئەم قۆناخەیە. ئەو لە سەرەتادا کتێبێکی بە ناوی "بۆچونێک لەمەڕ عەداڵەت" نوسی و هەمو لێکدانەوە نادروستەکانی لەمەڕ ڕابیتەی لیبرالیزم و هەروەها عەداڵەت باس کرد. جۆن ڕاوڵز وتی کە بەرابەری یا خۆ یەکسانی پشتەوانەی ئازادیە و پێویستە کە هەمو کەس بە چاوی مرۆڤ یا ئینسان چاو لێ بکرێن (وەرگێڕ: هزری دژی ڕەگەزپەرەستی کە لە ئوروپا و ڕژیمی ئاپارتایدی باشوری ئەفریقا هەبو) و ئەگەر ئەم یەکسانیە نەبێت لەو حاڵەتەدا ئازادی یا سەربەستی هیچ مانایێکی نابێت بۆ ئەوەی کە ئەگەر یەکسانی نەبێت مرۆڤەکان ناتوانن وە دوا ئاوات و ئارەزوەکانیان کەون. ڕاوڵز هەر وەها بڕوای وا بو کە پێویستە بە هیچ جۆرێک لیبرالیزم وەک ئایدۆلۆژی چاو لێ نەکرێت و بەرەو ڕوی یاساگەلێکی ماقوڵ بڕۆین کە مرۆڤەکان بە هەر بیر و باوەڕێکەوە کە هەیانە پەسەندی بکەن. ڕاوڵز هەروەها دەڵێت کە باوەڕی فەلسەفی و ئایدیۆلۆژیکی حکومەت بە لیبرالیزم، هیچ جیاوازیێکی لە گەڵ باوەڕ بە هەمو ئایدیۆلۆژیەکانیتر نیە و بۆیە پێویستە کە حکومەت لە بەرانبەر ئایدیۆلۆژیەکاندا بێ لایەن بێت. (وەرگێڕ: ئەسڵی جیایی دین لە دەوڵەت و هەروەها جیایی دەوڵەت لە هەمو جۆرە ئایدیۆلۆژیێک لەوانە کومونیزمیش). پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەم بێ لایەنی ئایدیۆلۆژیکیە تەنیا لە ناو دەسەڵاتدا ڕەچاو دەکرێت و بەو مانایە نیە کە نیهادەکانی ناو کۆمەڵگاش خونسا یا بێ لایەن بن. (وەرگێڕ: بەڵکو ئەو نیهادانەی ناو کۆمەڵگا و تاکە کەسەکانی ناو کۆمەڵگاش دەتوانن بەو شێوە بیر بکەنەوە کە بۆخۆیان بە دروستی دەزانن، ڕەنگە ئایینی بن یا کومونیست یا بێ دین، بەڵام دەوڵەت هیچ دەخاڵەتی تیایاندا نیە).

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

- **لیبڕالیزم بۆ ئەمڕۆ**

هەمو باوەڕ و بۆچونە نویێکان لەمەڕ لیبڕالیزم لە ناو کۆمەڵگا گەلێک شایانی بەڕێوەبردن و بە شوێن کەوتنی هەیە کە پێشتر حەدێک لە لیبڕالیزمیان تاقی کردبێتەوە و مێژوێکی پێکەوە ژیانی لیبڕالییان بوبێت و هەر بۆیە لیبڕالیزم لەو کۆمەڵگایانەی کە مێژوی نیە و تاقی نەکراوەتەوە جێ ناگرێت. ئێمە ناتوانین هەنگاوی کۆتایی لە سەرەتادا هەڵێنین. لیبڕالیزم ئایینی ژیریە و بانگهێشتنی پەسەند کردنی ئاسانکاری، بەو مانایەیە کە هێشتا ئێمە لە سەرەتاکانی لیبڕالیزمداین. پێویستە کە بیرمەندانی ئایینی لە ناو ئایینەوە بڕواننە ئەم بابەتە و لێکۆڵینەوەی لە سەر بکەن و هەمومان دەبێت کە ئوسولێکی کەمی (حداقل) بۆ گەیشتن بە ئیئتیلافێکی فکری لێ پەسەند بکەین. دەتوانرێت لە سەر وەرەقە زۆربەی قسەکان بنوسرێت بەڵام ئایا توندڕەوی لە بە زۆر سەپاندنی ئەسڵەکانی لیبڕالیزم بە سەڵاحە و ئەم کارە مومکینە؟
وادەر دەکەوێت کە ئەرکی سەر شانی سەرەکی هەمومان ئەمەیە کە ئێمە چۆن باوەڕەکانی خۆمان دەسەپێنین. نابێت گیان تاڵ بین. پێداگری و پەسەند کردنی حەدی کەمەکان و یەکگرتن بە دەوریدا یەکەمین هەنگاوێکە کە دەتوانێت لیبڕالیزم وەکو یەکێک لە باوەڕەکانی کە بونی هەیە لە ناو تاکە کەسەکانی کۆمەڵگادا شایانی پەسەند بون بکات.

1ی جۆزەردانی 2708